# بزاڤی یەکسانیخوازی ژن و پیاو،
# فیمێنیسم و ئەڵتەرناتیڤیک

هەژێن
2007/03/27

لەم ساڵانەی دواییدا چەند دەنگێک بەنێوی فێمینیزمەوە، خۆیان دەرخستووە و باس لە فێمینیسمی کوردی دەکەن و کەم تا زۆریش باڵەکانی دەسەلات، هەوڵی قۆستنەوەی ئەم ئامادەییە تاکەکەسییانەیان داوە و هەوڵیانداوە وەک دیاردەکانی تر بیکێشنە ژێر ساباتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

بۆ تێگەیشتن لەم دەنگانە و ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ڕامبوونی هەندێک لەم دەنگانە چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ لە بازنەکانی کایەی دەسەلاتدا، هەروەها هۆکاری لەباربوونی زەمینەی خلیسکانی ئەم دەنگانە بۆ باوەشی دەسەلات، بە پێویستی دەزانم وەک سەرەتایەک چاوخشاندنەوەیەک بە ڕەوتی هاتنەدەرەوەی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژن و پیاو لە پاش ڕاپەڕینی 1991ەوە، بکەین، ئەوسا بچمە سەر تێڕوانینی بەرجەستەکراوی ئەم دەنگانە لە توێی نووسین و گفتوگۆکانیانەوە، وەک پاشکۆیەک بۆ ئەم باسە.*

## بزاڤی یەکسانیخوازی ژن و پیاو

هەر وەک چۆن نابەرابەری وهەڵاواردنی ژن و پیاو، بۆ چاخە تاریکەکانی ژیانی کۆمەلایەتی دەگەڕێتەوە، هەرواش هەوڵ و بەرەنگاری بۆ وەلانانی، بۆ بەرەبەیانی سەپاندنی ئەم ستەمە لە لایەن دەسەڵاتی گروپ و خێڵەوە دەگەڕێتەوە. پێویستە ئەوە لامان ڕۆشن بێت، کە ناکرێت و لۆژیکیش پەسەندی ناکات، ستەم لە ڕەگەزی مێینە لەلایەن تاکەوە سەری هەڵدابێت و گشتگیر بووبێت، بەلام ڕێی تێدەچێت، گروپە دڕندە جەنگاوەرەکان– هاوشێوەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی نازییەکان و فاشییەکان– توانیبێتیان بەسەر خێڵە سەرەتاییەکاندا زاڵ بن و پیاوانیان لەنێوبەرن و ژنانیان وەک کۆیلە بۆ دامرکاندنەوەی هەوەسەکانیان بەکار بردبێت. ئەگەر لە جەنگە داگیرکارییەکانی ئیمپراتۆرییەکان، کریستانەکان، سوپای ئیسلام وردبینەوە، ئەم دیاردەیە بە ڕوونی دەبین و دەتوانین وێنای چۆنییەتی کۆیلەکردنی ژنان لە مێژوویەکی هەرە دووردا، بکەین، کە چۆن پیاوان لەنیوبراون و ژنانیش بە کۆیلە گیراون و چەند پلەیەک خوارتر لە ژنە هاوهۆزەکانی خۆیان تەماشایان کردوون. ئیتر بەمجۆرە لەڕەوتی مێژوودا ژنان نەوە پاش نەوە کراونەتە مرۆڤێکی دەستەمۆ و لاواز و باوەڕبەخۆ نەبوو، ئەو مرۆڤەی کە ئەوڕۆکە زۆربەی تاکەکانی نەک تەنیا باوەڕیان بە یەکسانی خۆیان لەگەڵ پیاوان نەماوە و بەڵکو بەشێکی گەورەی ئەو لەشکرە خۆڕاییەی دەسەلاَت پێکدێنن، کە پلەچەندی مرۆڤایەتی ژنان بە نووکی ڕمەکانیان ڕادەگرن.

ژنانی کوردستانیش هاوشێوەی ژنانی کۆمەڵگەکانی دەوروپشتیان، هەردەم لە پشت دیواری زیندانەکانی: ئایین، ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان، دەسەلات، جارێکی تریش بە ئامادەیی خۆیان بۆ کۆیلەبوون و کۆیلەمانەوەیان، ڕاگیراون.

پێ بەپێی ئامادەیی و قاڵبوونی ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگە، ژنانیش وەک بەشی هەرە چەوساوەیان، هوشیارییان پەرەی سەندووە؛ کاتی ڕاپەڕین و خرۆشان، ژنان هاتوونەتە مەیدان، کاتی تێکشکانیش کێشراونەتە ژێر توندترین ئەشکەنجە. دەتوانین ئەمە لە مێژووی نزیکی نێوسەدەی ڕابوردوودا لە کۆڕەوەکانی 1974، 1987، 1988، 1991 بەتایبەت لە هەڵەبجە و ئەنفالەکانی 1982 و 1988دا وەک نموونەی تێکشکان و ڕۆڵی ژنان وەک خەباتکار لە ڕاپەڕینی 1979ی گەلانی ئێران – ڕۆژهەلاتی کوردستانیش وەک بەرچاوترین نموونەی–، لە خۆپیشاندانەکانی 1979، 1982، 1984، 1987، ڕاپەرینی ئازاری 1991ی باشوری کوردستان ڕۆڵی بەرچاوی ژنان لە پێشەوەی ڕیزەکاندا ببینین و ئەوەمان بۆ ڕون بێتەوە کە باشتربوونی ڕێوشوێنی ژنان لە کۆمەڵگە و پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردن و بڕیارداندا، بەستراوە بە ئامادەیی ژنان و سەرکەوتنی هوشیاری چین و توێژە کۆمەڵایەتییە بندەستەکانەوە.

ئەمە ڕاستتیەکی مێژووییە و سەرکەوتن و تێکشکانی شۆڕش و ڕاپەڕنەکانی ڕابوردووی مرۆڤایەتی، سەلماندویانە؛ لە دەرەوەی کۆشش و هاتنەمەیدانی چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەلگە، لە هیچ سەردەم و لە هیچ گوشەیەکی ئەم جیهانەدا، نە ئامادەیی ژنان و نە گۆرانی ڕێوشوێنیان، ڕووی نەداوە و لە هیچ کوێیەکی مێژوودا ناتوانین چارەسەر و باشترکردنی ڕێوشوێنی ژنان لە سەرەوەرا بۆ خوارەوە – مەبەست لە چاکەسازی دەسەلاتدارانە– بەدی بکەین و ئەگەریش لە سەردەمێکی تەمەنی دەسەڵاتدارییەکدا گۆڕینی بەندێک یا گۆڕینی ڕوونکردنەوەی بەندێک لە یاسادا ڕوویدابێ، ئەوا بەرهەمی تێکۆشان و هاتنەمەیدانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بووە بۆ یەکسانکردنی ڕۆڵی ژن و پیاو لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا.

وەک لە سەرەوە پەنجەم بۆ ڕاکیشا، تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بزووتنەوەی یەکسانی ژن و پیاو، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی مێژووییە و ناتوانین بیگێڕینەوە بۆ ڕۆژێکی دیاریکراو، دەڤەرێکی دیاریکراو، هەولی کەسایەتییەک و گروپێک، وەک ئەوەی کە هێندێک فێمینیست بۆی دەچن. چونکە مێژووی پەیدابوونی مرۆڤ بەگشتی و سەرهەڵدانی هەلاواردنی ژنان و بزووتنەوە یەکسانیخوازەکان لە مێژوودا تۆمارنەکراوە و هەموو بۆچوونەکان لەبەردەم ئەگەردان. هەروەها مێژووی مرۆڤایەتی لە گشت کۆمەلگەکانی ئەم جیهانەدا وەک یەک نەچووەتە پێش و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، بەپێی ئەو قۆناخانەی کە تێپەریان کردوون و پرۆسەی پەرەسەندی کۆمەڵگە شارستانییەکان و پێکهاتەی ژێرخان و سەرخانییان، بزووتنەوە کۆمەلایەتی و هزرییەکان گەشەیان کردووە و پەرەیان سەندووە.

بەڵام ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی گشت سەردەمەکان و سیستەمە کۆمەلایەتییەکان و هۆی سەرهەڵدانی دەسەلاتەکانە، ئەوەیە کە دەسەلات و سیستەمە چینایەتییەکان، تاکەکانی کۆمەڵگە

بەسەر ڕەگەز، نەژاد، ئایین، نەتەوە، کۆمەڵێک شتی تردا دابەشدەکەن، تاوەکو باشتر بتوانن لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا، کۆیلە ڕایان بگرن. ئەمە کرۆکی هەر ستەم و چەوسانەوەیەک پێکدێنێت. نەک ئەوەی کە هەندێک فێمینیست بۆی دەچن و پێیان وایە، هۆی ستەم لە ژنان بۆ دەسەلاتی پیاو دەگەڕێتەوە. چونکە بەو پێیە بێت، دەبوو لە سەردەمی پاشایەتی شاژنەکان، بەتایبەت دەسەڵاتی دوانەیی شاژنی بریتانیا و سەرۆکشالیارەکەی خاتوو تاچەردا، ژنان ئازادترین تاکی کۆمەڵ بوونایە یان لانیکەم لەگەڵ سەردەمەکانی تردا جیاوازی هەبووایە!

هاوکاتی تێکۆشانی ئازادیخوازانی نێوبزووتنەوەی یەکسانی ژن و پیاو و هاتنەمەیدانیان لەو سەردەمانەدا کە پەنجەم بۆ ڕاکێشاون، ئەگەر دەسەلاتداران لە سەردەمی شەڕە نارەواکانیاندا بانگەوازی ژنانیان بۆ بەشداربوون لە بەرهەمهێنان و فەرمانبەریدا کردبێت، ئەوا لە قەیرانی پاش شەڕەکان و سەردەمی هەڵکشانی بێکاریدا، ژنانیان بۆ گەڕانەوە بۆ ئاشپەزخانەکانی ماڵ و مناڵ بەخێوکردن بانگەواز کردووە؛ لە سەرکەوتنیاندا بەسەر ڕاپەڕین و شۆڕشە ئازادیخوازەکان، هەنگاوی یەکەم پەلاماری ژنانیان داوە و بە ڕەشەکوژی پاشەکشێیان پێکردوون. نموونە بۆ ئەمەش ڕاپەڕینەکان لە سەراپای مێژوودا و دواترینیان ڕاپەڕینی ئازاری 1991 کە بینیمان چۆن دەستەکانی تیرۆری سەربە پارتە بۆرژوازییە کوردییەکان کەوتنە تیرۆر و ڕەشەکوژی ژنان لەژێر پەردەی نامووسپەرەستی و دەستتێکەلاوی لەگەڵ ڕژێمی بەعس، لە هەمانکاتدا شوناسنامەی شۆڕشگێڕییان بەو پیاوانە بەخشی ، کە ژنانیان بۆ بەعسییەکان دەکردە پەردەوە و ژنە وەرزێرەکانی ناوچەکانی بادینان و قەرەداغ و گەرمیانیان بۆ لەشکرە ئەنفالکەرەکەی بەعس ڕاو دەکرد و دەئاخنییە زیلەکانی ئەنفالەوە.**

من نامەوێت لێرەدا شانی پیاو وەک تاک لە کۆمەڵدا لەژێر باری ستەمێک کە لە ژنان دەکرێت، خاڵی بکەم. هەروەک چۆن ناتوانین شانی خودی ژنان لە ڕەوایەتی پێدانی هەلاواردنیاندا خاڵی بکەین، تەنانەت هەندێک لە دەنگۆ فێمینیستە لیبراڵەکان بەشداری لەم ڕەوایەتی پێبەخشینەدا دەکەن و بۆ پێداگرتن لەسەری چاومان لێ سوور دەکەنەوە.

بەڵگە مێژووییەکان پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەمان بۆ دەسەلمێنێنن، کە پێی وایە ئەگەر ژنان سەروەر بن، ئیتر کۆمەلگە لە ستەم و شەڕ خاڵی دەبێت، ئەمە ڕێک هەر هێندەی خەیاڵی ئەو ناسیونالیستانە دروست و کەتوارییە، کە دەخوازن پێمان بڵێن: ئەگەر دەسەلات بە دەسەت پارتەکانی خۆمانەوە بێت یا دەولەتی نەتەوەیی خۆمان هەبێت، ئیتر هەمووومان لە بڕیارداندا ئازاد دەبین و لە بەهرەمەندبوون لە سامانەکانی نیشتماندا یەکسان دەبین. ئەمە لە خۆشخەیاڵی مرۆڤی چەوساوەی ناهوشیار بەولاوە چیتر نییە و نەبووە و نابێت! چونکە مێژوو خەروارێک وانە و ئەزموونی خستووەتە بەردەستمان و دەتوانین لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە گشت سەردەمەکاندا ببینین، کە چۆن ژنان لە سایەی گشت ئایینە ئاسمانی و نائاسمانییەکان، لەسایەی داگیرکاری ئیسلامی و کریستیان و سەفەوی و ئوسمانی و ئینگلیز و پاشایەتی و بەعسییەکان، لەسایەی گشت میر و دەرەبەگە کوردەکان، خانزادەکان، پارتە بۆرژوازییە کوردییەکان، تەنانەت لە ناوچە

ئازادکراوەکانی ژێردەسەلاتی لایەنە چەکدارە بەرهەڵستکارەکاندا ژن هەمان ڕێوشوێنی کۆیلانەی هەبووە و هەیە و جیاوازی سەردەم و قۆناخ و پۆشاک و بەرنامەی هێزە دەسەڵاتدار و دەسەڵاتخوازەکان هیچی لە ناوەڕۆکی ستەمی ژنان نەگۆڕیوە، هەرچەندە ژنانیش باڵادەستییان لەم دەسەلاتانەدا هەبووبێت.

لەبەر ڕۆشنایی مێژوودا ناوەڕۆکی هەردوو تێڕوانینی ڕواڵەت جیاواز: ئەوەی کە پێی وایە ژن لە ڕووی مرۆییەوە، لاواز و نزمترە و ئەوەش کە پێی وایە مرۆڤایەتی موڵکی پیاوە و دەبێت ژنان ڕیزی خۆیان جیابکەنەوە و خەباتی وان بۆ ڕزگاری لە هەڵاواردن، هیچ پەیوەندییەکی بە پیاوان و خەباتی چین و توێژە کۆمەلایەتییەکانەوە نییە، هەردووک لە گۆشەیەکی 360 پلەییدا یەکدەگرنەوە و ڕیشەکانی ستەم و هەڵاواردنی ژنان زیاتر دادەکوتن.

ئەمە لەبەر ئەوەی کە ئێمە ناتوانین ژنان وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی جیا و دابڕاو لەبەرچاوبگرین، ژنان بەشێک لە خێزان، گەرەک، خێڵ، کۆمەڵ پێکدێن. ئێمە کۆمەڵی مرۆیی پێکهاتوو تەنیا لە ژنان یا لە پیاوانمان نییە و تەنیا دەتوانین مرۆڤ لە ئامادەبوونی هەردوو ڕەگەزەکەدا پێناسە بکەین و مەرجەکانی درێژەدان بە ژیانیان تێدا بەدی بکەین. بەتایبەت ئەورۆکە لە هیچ کوێیەکی دونیادا کۆمەڵی خوشکانی ئامازۆنی یا لەژێر هەر ناوێکی تردا بوونیان نییە و ئەگەر هەش بووبن یا هەبن، ئەوا دیسانەوە کۆمەڵ و کۆمەڵگەی چینایەتی دابڕاوی ژنانمان دەبوو. چونکە گرفتی پرسەکە لە دەسەڵاتی پیاودا نییە، بەڵکو لە خودی دەسەڵات و سەروەری مرۆڤە بەسەر مرۆڤدا.

ئەو تێڕوانینەی کە پێی وایە، گەر ژنان دەسەڵاتدار بن یا نیوەی دەسەڵات بەر ژنان بکەوێت، ئەوا ئیتر کۆتایی بە ستەم و هەڵاواردن دێت؛ ئەمە هاوتای ئەو تێڕوانینەیە کە پێی وایە گەر کارگەران دەسەڵاتدار بن، ئەوا کۆتایی بە چەوسانەوە و کۆمەڵگەی چینایەتی دێت! یا لە ڕێگەی بەشداربوونی پارلەمانییەوە، کارگەران دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن. هۆی ئەم بەهەڵدا چوونە، تێنەگەیشتنە لە فەلسەفەی بوونی دەسەڵات و لە پێداویستی و هۆی سەرهەڵدانی دەسەڵات و ستەم لە کۆمەڵگەی مرۆییدا.

بۆ ئەوەی بزانین چۆن خەبات بۆ لابردنی ستەم و هەڵاواردن لەسەر ژنان بکەین، پێویستە ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی ژنان و جۆری ستەمەکە و هۆی سەرهەڵدان و بنەما ئابوری و رامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی، ئەو پایانەی کە ئەم ستەمەیان ڕاگرتووە، بناسین، ئەوکات دەتوانین بیر لە شێوازی خەبات و چونیەتی ڕێکخستنی ژنان بکەینەوە.

ژنان توێژ و چینی کۆمەلایەتی نین، بەڵکو ژنان بەشی سەرەکی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانن، دەڵێم سەرەکی چونکە مەرجی یەکەمی درێژەی مرۆڤایەتی بوونی ژنە و ئەویشە ئەگەری مانەوەمان. مرۆڤایەتی بێ ڕەگەزی ژن بوونی نییە و دەتوانین وەک فرێنی باڵدارێکی تاکباڵ، وێنای بکەین. هەرواش مرۆڤایەتی بێ ئامادەبوونی ڕەگەزی پیاو، بوونی نییە و بەردەوام نابێت. بەلام ڕۆڵی بنچینەیی و مەرجی سەرەکی درێژەدان بە مرۆڤایەتی، بە پێی ئامادەیی و هەڵکەوتەی جەستەیی،

ڕەگەزی ژنە و نایەکسانی و هەڵاواردنی ئەم ڕەگەزەش، کەوڵکردنی مرۆڤە لە مرۆڤایەتی و لە دەستدانی مرۆڤایەتی پیاوە، هاوکاتی پێشێلکردنی مرۆڤایەتی ژن. ئەمەش بەڵگەی دروستی بۆچوونەکەی (فۆریە) – سۆشیالیستی نموونەگەرا–یە، کە دەڵێت "ئازادی ژنان پێوەری ئازادی کۆمەڵگەیە".

کەواتە ئازدی ژنان لە ئازادی کۆمەڵگەدایە و ئەوانەی کە پێیان وایە دەبێت، ژنان خۆیان جیاکەنەوە و بەتەنیا دەتوانن ئەو ئازادییە بەدەست بێنن، گیرۆدەی هەڵە بیرکردنەوەن و پێیان وایە پیاو لە کۆمەڵگەدا تەواو ئازادە و تەنیا ژنان کۆیلەن. هەر ئەمەشە وای لێکردوون پێناسەیەکی ئاوەژوویان بۆ ئازادی و ئازادییەک کە بۆ ژنانی دەخوازن، هەبێت. ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە و هێندەی تر مرۆڤ لە زەلکاوی ناهوشیاری و لە کۆتوبەندەکانی کۆیلەتیدا گیرۆدە دەکات. ئەمە دیویکی تری هزری دەسەلاتدارانە و دەیانەوێت، ئێمەی پێ تووشی سەرلێشیواوی بکەن. ئەمە مەرجی تەمەندرێژی ستەم و هەڵاواردنی مرۆڤەکانە؛ لە پێش هەموویانەوە ژنان.

## بزووتنەوەی ژنان لە دەمی ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین

وەک هەر بزووتنەوەیەکی تری کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی نیوان ژن و پیاو، لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پیش ڕاپەڕین و دەمی ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕینیش، ناتوانێت، لە هزر و تێڕوانینە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگەدا وەک گشتێک بەدەر بێت و جیا لەوان هەنگاو بنێت، بەڵکو لەناوی ئەواندا سەرهەڵدەدا و گەشەدەکات. پێشکەوتن و تۆکمەبوونی بە هاوسەنگی نێوان دوو بەرە سەرەکییەکە: بەرەی شۆڕش – ئەوانەی خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەت و لاوەکییەکانن– و بەرەی کۆنەپارێز – ئەوانەی خوازیاری پاراستنی دەسەلات و باری زاڵی کۆمەڵگەن–. کاتێک بەرەی شۆڕش دێتە سەرشانۆی ئاڵوگۆڕەکان وەک سەردەمی ڕاپەڕین، ژنان چەک دەکەنە شان و خەبات دەکەن، کاتێکیش کە ڕاپەڕین تێکدەشکێت و بارودۆخی پێش ڕاپەڕین زاڵ دەبێتەوە، ژنان بەر هێرشی ڕەشەکوژی دەکەون.

پێش ڕاپەڕین ژنان ئەنفالکران، ئەتک کران، زیندانی کران، کرانە کارخانەی سەرباز دروستکرن، بێ هاوسەر مانەوە، کوشتوبڕکران. کاتی ڕاپەڕین هاتنەمەیدان، تەنانەت سەهۆڵبەندانی ترسی پیاوانیان شکاند و بوونی خۆیان سەلماند. بەلام پاش تێکشکانی ڕاپەڕین، نائومێد بوون، گەڕانەوە ئاشپەزخانەی ماڵ، بوونەوە پاشکۆی دەسەلات، لە خۆ نامۆییدا، کەوتنەوە جوینەوەی دەستەواژەکانی دەسەلاتخوازان.

ڕاپەڕینی ئازاری 1991 بۆ یەکەمجار لە باشوری کوردستان، وێنای ژنی کوردی گۆڕی. ژنان بە تێڕوانینێکی جیاواز لە رابوردوو بۆ یەکسانی هاتنە مەیدان و لەبری ڕازاندنەوەی دیواخانەکان، چەک دەکەنە شان– هەرچەندە ژمارەیەکی کەمیش بووون، بەڵام کازیوەی بزووتنەوەیەکی گەورەتر بوون– ، لەناو شوراکاندا هەڵدەسوڕێن. لە ڕۆژەکانی یەکەمی ڕاپەڕینەوە کۆمیتەی ژنانی شۆڕشگێڕ پێدێنن، بە هوشیاری و ئامادەیەکی بێ پێشینەوە، دێنە ڕێژەی ڕۆژی یەکی ئایار و ڕۆژی جیهانی

ژنان، دژ بە ڕەشەکوژی ژنان دەوەستنەوە، ژنان ئامادەییەکی سەرسوڕهێنەر لە خۆ نیشاندەدەن و تەنانەت ڕێکخراوە پاشکۆکانی وەک یەکێتی ئافرەتان و ڕێکخراوی ژنانی و چی و چیتر ناچار دەکەن، هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ ڕەشەکوژی ژنان دەربڕن، کە تەنانەت هەندێک ژنە نووسەریش ئەوکات پاساوی ناموسپەرستانەیان بۆ دەهێنایەوە و ڕەوایەتییان بە کاری چەپەڵی پارتەکانیان دەدا.

تا سەروبەری ساڵی دووهەزاریش ئەمە مەیدانی ڕەوتە خۆ بە کۆمونیستزانەکان بوو – بەهەموو لاوازی و ناڕۆشنییەکیانەوە– و ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنانیش یەکێک بوو لەو هەوڵانە، هەرچەندە سەرەتا فرەتر ئامادەیی ژنانێک بوو، کە کەمتر پابەندی ملکەچی ڕێکخراوەی سیاسی بوون، بەلام لەبەر ئەوەی کە ئەوانەی پابەستی گروپە سیاسییەکان بوون، بە شێوەی گروپی ڕێکخراو کاریان دەکرد و ئەوانەی کە فرەتر سەربەخۆ بوون کەم ئەزموونتر بوون، دواجار هەوڵی سکتاریستانەی ئەو ڕێکخراوانەی کە (حککع)یان لێ پێکهات و پاشان خۆی، سەربەخۆیی ئەم ڕێکخراوەیان پێشێلکرد و وەک ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی تر لە جەماوەری بوونی کەوڵکراو و بوو بە کۆمیتەیەکی پارتی. ناتوانین بڵێین ئەمە تەنیا بۆ پێشێلکاری (حککع) دەگەڕێتەوە، بەڵکو وەک پەنجەم بۆ ڕاکێشا کەم ئەزموونی ژنانێکی سەربەخۆ کە لە کارکردن بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوەدا لە پێش مارسی 1992ەوە دەستبەکاربوون و دواتر زۆرێکیان بە (حککع) پەیوەست بوون و بەمجۆرە سەربەخۆییان لەدەستدا و بوونە بورغویەک لە ئامێری پارت. لە لایەکی ترەوە ئەو ژنە وابەستانەی کە سەر بە پارت بوون، هەم بە هۆی چالاک بوونیان لە کۆمیتەی ژنانی شۆڕشگێر – کە لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا سەر بە یەکێک لەو ڕێکخراوانە بوون کە (حکک)یان لێ پێکهات– ئەزموونی پێشووتریان هەبوو. بەڵام نابێت دەستپێشخەری ڕێکخراوە چەپەکان و ژنانێک کە لەو بزووتنەوەدا ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان خستە لەپی تیرۆستانەوە، کەم بایەخ بکەین. چونکە ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە ڕێکخراوەکانی تری پاشکۆی پارتەکانی نێو بەرەی کوردستانی و هەندێک لەو کەسانەی کە ئەوڕۆ خۆ بە فێمینیست و لایەنگری یەکسانی ژن و پیاو دەزانن، پاساوی ناموپەرستانە و دەمارگیری نەتەوەییان بۆ ڕەشەکوژی هەزاران ژن دەهێنایەوە .

بە بڕوای من ناتوانین باس لە بزووتنەوەیەکی فێمینیستی، بەبێ هەڵسەنگاندن و ناوهێنانی پێشینەی خەبات و لەخۆبردووی ژنان و پیاوانێک بکەین، کە بە خەباتی ڕۆژانەیان توانییان دەسەلاتدارانیان ناچار بە گۆڕینی بەندی یاسایی و داننان بە نالەباری ژیانی ژنان بکەن و تەنانەت ڕێکخراوە زەردەکانیان بێنە گۆ. من لێرەدا ناگەڕێمەوە سەر هەڵسەنگاندنی ئەم ڕێکخراوە و تێڕوانینی سۆشیال–دیموکراتانەی (حککع) بۆ خەباتی جەماوەری و ڕۆڵی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، تەنیا مەبەستم لەم چەند دێرە، نیشاندانی ئەوە بوو، کە بزووتنەوەیەک کە ئەوڕۆکە لە ئارادایە و پەیدابوونی ئەم دەنگانە، قارچکی بەهاری نین و هەڵتۆقیبن، بەڵکو ئەوەی کە منیش لێرەدا دەیڵێم بەرهەمی ئەزموونگەلێکە کە بزووتنەوەکە لە شازدە ساڵی ڕابوردوودا وەک قۆناخێکی نوێ لە خەباتی یەکسانی ژن و پیاو لە کوردستان، داویەتە دەرەوە و ئەو دەنگانەشی پەروەردە کرد، کە ئەوڕۆکە بوێرانە شانازی بە ژنبوونیانەوە وەک بەشێکی سەرەکی لە مرۆڤایەتی، دەکەن.

## فێمینیسم

فێمینسم وەک هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یەک ئاراستە و یەک ڕوانگە نییە، ئەمەش بۆ بوونی بەرە و لایەنی جۆراوجۆر لە کێشمەکێشە کۆمەلایەتییەکاندا دەگەڕێتەوە و هەر بەرە و لایەنێک دەیەوێت مۆرکی خۆی لێ بدات. وابزانم ئەمە ڕۆشنە و بە چاوگێڕانێک بە کۆمەڵگەدا چەندین کۆمیتەی پارتی و ڕێکخراوی زەردی سەر بە دەسەڵات و چەندین هەوڵی تر بەدی دەکەین، کە هەر هەموویان خۆیان لە ژێر پەردەی بزووتنەوەی یەکسانی ژن و پیاودا پێناسە دەکەن و هیچ یەکێکیان ئامادە نییە گوێ لەوی تر بگرێت یا کاری هاوبەشی لەگەڵدا بکات، نەک تەنیا ئەمە بەڵکو ژنانیان بەسەر پارتەکاندا دابەشاندووە و ئامانجە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەکەیان بە کۆمەڵێک داخوازی لاوەکی پەردەپۆش کردووە.

هەر ئەمەشە وای کردووە کە بزووتنەوەی فێمینستی بەسەرکۆمەڵێک ئاراستە و گرووپدا دابەش بێت، کە ئاراستە سەرەکییەکانیان ئەمانەن: فێمینیسمی مارکسیستی، ئانارکۆفێمینیسم، لیبرال فیمینیسم – دەستوانین نیئۆلیبرال فیمینیسم  یا بۆرژوا فێمینیسم نێوی بەرین–، دواجار فێمینیسمی نەتەوەیی و ئیسلامی و هیتر، کە ئەمانەی دواییان تەنیا دەتوانین وەک ناو لە فێمینیسمی بۆرژوازی جیایان بکەینەوە، ئەگینا چ وەک شێوازی کارکرد و چ وەک جیهانبینی و ئامانج هیچ جیاوازییەکی کرۆکیان لەگەڵ بنەوانە بۆرژوازییەکەیاندا نییە.

**فێمینیسمی مارکسیستی** دەتوانین ئەو ئاراستە لەبەرچاو بگرین، کە لە سەرهەڵدانی سۆشیال–دیموکراسییەوە تا چەپە نوێکانی تری خۆبە مارکسیست زانی ئەورۆکە، دەگرێتە خۆی، کە بۆ وەلامی داخوزییە دەستبەجێکان لە پارلەمان و ناوەندەکانی دەسەلات و یاسادانانداا گەراوە و بۆ ئەم مەبەستەش بە هەمان شێوەی پارتە بۆرژوازییەکان ژنانی ئازادەیان لە ڕێکخراوۆکەی سەربە پارتەکەیاندا مۆڵداوە و کارکردنیان لەو پێناوەدا وەک تاکتیک لە پیناو ستراتیژەکەیان – بەدەستهێنانی دەسەلات– دا بەکار بردووە، هەروەها چارەسەری بنەڕەتی پرسەکەش بە بەدەسەلات گەیشتنی خۆیان وەک پیشڕەوی کۆمەڵگە، دەبەستنەوە. هەر ئەمەشە بووەتە هۆی نەزۆکی و پوکانەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەناوی ژنانەوە ڕۆڵی کۆمیتەی پارتە چەپەکانیان دیتووە. هەرچەندە مارکسیستەکانیش –کەسانێک کە سۆشیالیزم بە داهێنانی مارکس و بوونی بزووتنەوەی سۆشیالیستیش بە ڕابەربوونی خۆیان دەبدەستنەوە و بزووتنەوەکە لە کرۆکە کۆمەڵایەتییەکەی کەوڵ دەکەن و دەیکەنە بزاڤێکی دامەزراو لە لایەن پێشڕەوانی دەستەبژێر– ڕێشەی هەڵاواردن و ستەم لە ژنان بۆ بنەمای ئابوری و خودی سیستەمی چینایەتی دەگێڕنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بزووتنەوەی یەکانیخوازی ژن و پیاو وەک بزووتنەوە جەماوەری و کۆمەڵایەییەکانی تر، بە پارتی ڕامیاری خۆیانەوە گرێ دەدەن و مەرجی کۆتایی هاتنی ستەم و سەرکەوتنی بزووتنەوەکان، بە رابەری و ڕێپیشاندەری خۆیان دەبەستنەوە و ستەمدیدان وا رادەهێنن کە هەردەم لە سەروو و دەرەوەی خۆیان بۆ ڕزگارگەرێک بگەڕێن.

**ليبرال فيمينيسم – فيمينيسمی بۆرژوازی** –، ئەم ئاراستەيان لە سەراپای سەرهەڵدانيدا، هەردەم ڕۆڵی دژە تەوەری بينيوە و هەوڵێک بووە بۆ کەم کارا کردنەوەی بزووتنەوەی يەکسانی ژن و پياو، بە کولکردنی ڕەخنەی لە بنەمای سەرهەڵدان و پايەکانی هەڵاواردنی ژن و پياو و گێڕانەوەی هەڵاواردن و ستەم لە ژنان بۆ خودی پياو و شاردنەوەی بنەما ئابوورييەکانی و بەستنەوەی ئەگەری چارەسەری بە ئاوەزگيری دەسەڵات و وەلانانی پياوگەلێکی ناشايستە لە دەسەلاتدا يا لە قوڵترين دەربڕين و بۆچوونيدا بەشداری ڕێژەيی ژنانە لە دەسەلاتدا. پێشتر باسم لە بەشداری و بوونی ژنان لە لوتکەی دەسەلاتدا کرد و نيشنمان دا، کە بۆ باشتربوونی نالەباری ڕێوشوێنی ژنان لە کۆمەڵگەدا هيچ ڕۆڵێکی نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە، باشتر توانيويانە ژنان بۆ کۆيلەتی بانگەواز بکەن. بە بڕوای من ئەو ژنانەی کە ئەوڕۆکە بەتەمان لە ڕێی ڕێژەی ژنان لە پارلەمان و بەئاگاهێنانەوەی پياوانی دەسەلاتەوە، پرسەکە چارەسەر بکەن، دەتوانم بڵێم ڕۆڵی جادووگەرێک دەبينن، کە مرۆڤەکان بە داهاتوويەکی باش دڵخۆش دەکەن و ڕۆڵی دژەخون لە بزووتنەوەی ژنان دەبينن. ئەمانە بيرکردنەوەی پياوسالاری بە ئاوازی ژنانەوە، دەچڕن. ئەمانە قسەکەری ڕێکخراوە زەردەکانن. ئەم ئاراستەيە، ڕێکخراوە پاشکۆکانی بەناو ژنان، ئەوانەی کە خوازياری ڕێژەبوونی دەسەلات لەنيوان پياوان و ژناندان، ئەوانەی کە دەخوازن پرسی ژنان لەبەر ڕۆشنايی ياسا و ڕێسا نەتەوەيی و ئايينەکاندا چارەسەر بکەن، ئەوانەی کە دەڵێن ڕيشەی ستەم لە ژنان بۆ بوونی کۆمەڵگەی چينايەتی ناگەڕێتەوە و بە دڕندەيی پياو و دواکەوتووی کولتوورييەوە پەيوەستە. ئەوانە خەريکی خۆشباوەڕکردنی ژنانن بە دەسەلات و دەيانهەوێت لاسايی پياوە ڕاميارييکارەکان لە چۆنيەتی بەدەستهێنانی دەسەلاتدا بکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستە سوود لە دەنگ و پالپشتی ژنان بۆ گەيشتن بە هۆڵەکانی پارلەمان و ناوەندەکانی دەسەلات، وەرگرن. ئەمە ڕيشەدارکردنی ستەمە لە ژنان، ئەمە قوتارکردنی سەروەرييە لە مەترسی ڕابوونی ئازاديخوازانەی چين و توێژ و بەشە چەوساوەکانی کۆمەلگە. ئەمە پاشکۆکردنی ژنانە بۆ دەسەلاتی بۆرژوازی پشتبەستوو بە تێڕوانينە پاترياکييەکان بۆ ڕێوشوێنی ژنان لە کۆمەڵگەدا.

**ئانارکۆفێمينيسم يا ئازاديخوازە يەکسانيخوازەکان**، لە ڕوانگەی ئانارکۆفێمينسم دا، هەلاواردن و نايەکسانی ژن و پياو، هەر وەک هەلاواردنەکانی تری مرۆڤ لەسەر بنەمای نەژاد، ڕەنگی پێست، ئايين، نەتەوە، پێگەی کۆمەلايەتی تاکەکان، ڕيشەی ئابوری هەيە و يەکێکە لەو پايانەی کە کۆمەڵگەی چينايەتی لەسەر ڕاگيراوە. خەبات بۆ وەلانانی ئەم ستەم و هەلاواردنە، بەشێکە لە خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی چينايەتی و خەباتيش بۆ کۆمەڵگەی ناچينايەتی خۆی لە خۆيدا خەباتە بۆ ئازادی ژنان لە گشت کۆتوبەندە پاترياکييەکان. تێڕوانينی ئانارکۆفێمينيستی چارەسەی ئەم پرسە کۆمەلايەتييە، بە بەهەشتی بەڵێندراو نابەستێتەوە و لە هەمان کاتدا پێشی وا نييە، کە دەسەلاتداربوونی ژنان – ژنسالاری– و ڕێژەی بەشداری ژنان لە پارلەمان و دەسەلاتدا بتوانێت چارەسەر بێت. بەڵکو پێی وايە کە ستەم لە ژنان پێداويستييەکە بۆ مانەوەی دەسەلات. لەبەرامبەر ئەوەی کە ژنان خۆيان لە ڕێکخراوەی ڕەگەزی –ڕێکخراوەی بەناو ژنان– دا لە خەباتی گشتی کۆمەڵگە بۆ کۆتاييهێنان بە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلايەن مرۆڤەوە، دادەبڕن، بانگەوازی ژنانی ئازادە بۆ بەشداری لە سەرجەم سەنگەرەکانی خەباتی ڕۆژانەی جەماوەريدا دەکات.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ئامێتەیی و بەشێک بوونی خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی نیوان ژن و پیاو لە خەباتی جەماوەری چین و توێژە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگە دەتوانین لەم نموونەی خوارەوە بڕوانین:
ژنان خوازیاری یەکسانی هەمەلایەنەی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتین، وەک تاکی کۆمەڵگە خوازیاری ئازادی کەتوارییین، خوازیاری لابردنی هەڵاواردنی ڕەگەزین. لە هەمان کاتدا ژنان بەشی هەرە چەوساوەی چین و توێژە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگەن، کە بەردەوام لە خەباتی ڕۆژانەدا لەگەڵ دەسەلاتداران و چینی چەوسێنەر لە ململانێدان. کارگەران خوازیاری بەرزکردنەوەی کرێی کار، کەمکردنەوەی ماوەی کار، بەخشینی بەرماڵە، ئازادی رادەربڕین و ڕێکخراوبوون، قەدەخەکردنی کاری منالان و زیادکردنی پشووی سالانە، هیترن. خوێندکاران خوازیاری سیستەمیکی پەروەردە و راهێنانی زانستی –نائایینی–، نەهێشتنی توندوتیژی، ئازادی رادەربڕین و ڕێکخراوبوون، دابینکردنی پێداویستی خوێندن و خۆڕایی و ئەرککردنی خوێندن، دابینکردنی بیمە کۆمەلایەتییەکان لەکاتی خوێندن و پاش تەواوکردنی خوێندن و هیترن، فەرمانبەران، مامۆستایان، خانەنشینان، بێسەرپەرشتان، کەمئەندامان داخوازی خۆیان هەیە و دواجار داخوازی جیایی ئایین لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەلگە و تد...، ئەمە ئەو بزووتن و ململانێ بەردەوامەی ڕۆژانەیە، کە دەسەلاتداران و دەزگەکانی راگەیاندیان هەوڵی پەردەپۆشکردنی دەدەن. پرسیارەکە ئەمەیە: مەگەر دەتوانین بە بێ خوازیاربوونی یەکسانی ژن و پیاو و ئامادەیی هەدوو ڕەگەزەکە لەم خەباتەدا، باس لە بەدەستهێنان و مسۆگەری سەرکەوتنی ئەو خەباتانە بکەین؟ یا بە واتایەکی تر ئایا دەتوانین باس لە خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی ژن و پیاو، بەبێ هاوکار و هاوبەرژەوەند و هاونشینەکانیان بکەین؟ ئایا دەتوانین بەبێ لابردنی وانەی تایبەتی بۆ ژنان و پلەدوویان، باس لە خوێندکاران و لاوانی ئازاد بکەین؟ ئایا دەتوانین بەبێ دایکان و باوکانی ئازاد و یەکسان، باس لەنەوەی نوێی ئازاد و تەندروست بکەین؟ ئایا دەتوانین بەبێ ئازادی و یەکسانی ژنان لە کۆمەڵگەدا، باس لە جیایی ئایین و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە بکەین؟ ئایا بەبێ یەکسانی ژن و پیاو لە کرێیکار و هەلی کار و پەروەردە و راهێناندا، دەتوانین باس لە بوونی خێزانی ئاسوودە و خۆشگوزان بکەین؟ ئەمانە و سەدان پرسیاری تر..

بێگومان وەلامێکی نەرێی بەدەست دێنن، چونکە هەم ژنان بەشێکن لەو خەباتاندا و هەم پرسی یەکسانی ژن و پیاو مەرجی سەرکەوتنی ئەو خەباتانەیە، لەبەر ئەوەی کە بەبێ یەکسانی ژن و پیاو، هەمیشە ژنانی بێکار و کرێ کەم، مەترسین بۆ سەر کرێی کارگەرانی پیاو، لەلایەکی ترەوە، هەر زیادبوون و یەکسانییەک لە کرێی ژناندا، بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خێزانە، بەمجۆرە گشت داخوازییە کارگەرییەکانی تر مەرجی بە دەستهێنانیان، بەشداری ژنانی کارگەر و پێشمەرجی بەشداری ژنانی کارگەریش خەباتی پیاوانی کارگەرە بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو و هەر ئەمەش سەرکەوتن و بەدەستهێننانی داخوازییەکان مسۆگەر دەکات. هەروا دەبینین بۆ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگەش ئەمە راستە و یاساییەکی گشتییە بۆ خەباتی پرۆلیتیری – پرۆلیتاریا بە واتای گشت چین و توێژە ژێردەست و چەوساوەکانی کۆمەڵگە و ژنانیش وەک چەوساوەترین تاکی پرۆلیتار–.

کەواتە بەشی چەوساوەی کۆمەڵگە – ژێردەستتان– گشتێکی خواست و بەرژەوەندی لێکهەڵپێکراوە و بەبێ ئازادی تاک و بەشەکانی تری ناتوانین باس لە ئازادی تاکێک یا بەشێکی بکەین. دەکرێ بەشێک ڕێوشوێنی لەو خەباتەدا، ستراتیژی تر بێت یا لەبارتر بێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت، کە هێچ چین و توێژێکی یا تاک و بەشێکی پرۆلیتاریا، بتوانێت دابڕاو لە وانی تر سەرکەوتن بەدەست بێنێت. لەبەر ئەوەی کە یەک دوژمن و یەک هۆ هەیە بۆ کۆیلەبوونی مرۆڤە ژێردەستەکانی کۆمەڵگە؛ ئەویش سەروەری ئابوری و ڕامیاری و کۆمەلایەتی مشەخۆرانە بەسەر چین و توێژە بەرهەمهێن و زەیمەتکێشەکانی کۆمەڵگەدا، کە خۆی لە سەروەری چینایەتیدا ڕێکخستووە ، ژنانیش وەک ستەمدیدەترین بەشی ئەم چین و توێژانە، لە خەبات بەرامبەر ئەو سەروەرییە چینایەتییەدا، گەورەترین و ڕادیکاڵترین پشکییان بەردەکەوێت.

با بەشێوەیەکی تر ئەم پرسیارە ئاراستە بکەین: ئایا دەتوانین بەبێ ئامادەیی پیاوان وەک هاوتوێژ و هاوچینی ژنان، باس لە ئازادی و یەکسانی ژنان بکەین؟ بە بڕوای من وەلام نایە. چونکە ژنان بەشێکن لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و ستەم لە ژنانیش، پرسێکە لە نیوەندی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانەوە، هەر لە پەیوەندی خێزانی، سێکسی، بەرهەمهێنان وبەڕیوەبەرایەتییەوە سەری هەڵداوە و پێناوێکی ئابوری کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ستەم لە ژنان، کە سەرخانی کۆمەڵگە هەر لە ڕێسا خێڵەکی و نەتەوەیی و ئایینییەکانە بگرە تا دەگاتە کولتور، ئایین، یاسا، سیستەمی ڕامیاری وهیتر دەیپارێزن و ڕەگەکانی  تێراو دەکەن.

بە پێچەوانەی بۆچوونی لیبراڵ فێمینیستەکانەوە، کە دەیانەوێت، شانی سەروەران و چینەداراکان و سیستەمەکەیان لەژێر ئەمە خاڵی بکەن و ژنان بۆ چوونە پارلەمان و هاوسەنگەری پیاوە ڕامیاریکارە پاتریاکەکان، بانگەواز دەکەن. ژنان دەبێت لە دەرەوەی پارلەمان، پێشەنگی خەباتی سەربەخۆی جەماوەری چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بن، خەباتێک کە لە داواکردنی ئاو و کارەباوە بگرە تا وەلانانی سەروەری مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا دەست پێدەکات. خەبات دژ بە ستەم لە ژنان سکاڵانامە نووسین نییە بۆ ئەم ئەندام پارلەمان و ئەو سەرۆککۆمار، خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو لە پەیڤینی ڕۆژانەوانییەوە بگرە تا سوتاندنی پارلەمانی باوکسالارەکان، دەگرێتەوە. چۆن دەتوانین دەتوانین خەباتکاری ڕێی یەکسانی ژن و پیاو بین و لە هەمان کاتدا و هەموو چرکەیەک و لەهەر ئاخاوتنێکماندا وێناکردن و دەربڕینە پاتریاکییەکانی زمان بە بالای ژناندا ببڕینەوە؟

کاتێک کە خەباتی جەماوەری پەرەسەندوو و ڕێکخراوەی جەماوەری سەربەخۆمان نەبن، ئاستی خەباتی یەکسانی و ئازادی ژن و پیاویش لە ئاستێکی نزم دا دەبێ و بەئاسانی لەلایەن هێزە ڕامیارکارەکانەوە رامدەکرێ و دەبیتە پاشکۆی بەرژەوەندییە دژە مرۆییەکانیان. بۆئەوەی تاکی ئازادمان هەبێ و ئازادی تاک لە کۆمەلگەدا دابینکراو بێت، پێویستمان بە بزاڤە جەماوەرییە سەربەخۆکان دەبێ و کلیلی سەرکەوتنی خەباتی جەماوەریش، یەکگرتنی  چین و توێژە کۆمەلایەتییەکانە لە ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکاندا، کاتێکیش کە ئازادی تاک لە ئارادا هەبێت، کەواتە ئازادی لە سەراپای کۆمەڵگەدا مسۆگەرە. بەو رادەیەی کە تاک ئازادە، بەو رادەش

کۆمەڵگە ئازاد دەبێت، بەو رادەش کە کۆمەڵگە ئازاد بێت، بە هەمان رادەش ژنان ئازاد دەبن، چونکە ئازادی کۆمەڵگە لە ئازادی ژنانەوەیە و ژنانیش بەبێ لە نێوبردنی هۆکارە ئابورییەکانی هەلاواردنیان، ئەستەمە ئازادی یەکجارەکی بەدست بێنن. بۆ ئەمەش بەشداری لێبڕاوانەی خودی ژنان لە سەرجەم خەباتی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پێویستە. هەر لەبەر ئەمەیە کە ژنان بەبێ خەبات بۆ ئازادی کۆمەڵ، ناتوانن هەنگاو بۆ ئازادی خۆیان وەک ستەمدیدەترین بەشی کۆمەڵ، بنێنن.

**فۆریە** – سۆشیالیستی نموونەگەرا– لە وتە بەناوبانگەکەیدا بۆمان روون دەکاتەوە: کە ئازادی ژنان، پێوەری ئازادی کۆمەڵگەیە! کەواتە بەبێ کۆمەڵی ئازاد، نە ژنی ئازادمان دەبیت، نە بەبێ ئازادی ژنان، کۆمەڵگەی ئازادمان دەبێت. هەر بەم پێیەش مەرجی ئازادی هەر دەڤەر و نەتەوە و کۆمەڵگەیەک، ئازادی ژنانە و خۆلادان لە خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو، ڕەواکردن و تەمەندرێژکردنی چەوسانەوەی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەوە. هەر بەم پێوەرەش قسەکردن لە بوونی ئازادی لە کوردستانێکدا کە تێیدا ژنان ڕەشەکوژی دەکرێن و لەبری خوێن دەبەخشرێن و گەورە بە بچووکیان پێ دەکرێ و ..تد، لە قسەی پوچ و درۆی زاق و خۆخەلەتاندن بەولاوە چیتر نییە!

ئەوانەی کوردستانیان پێ ئازادە، ئەوانەن کە لە دارکاری و کوشتنی ژن و کیژۆڵەکانیاندا لەسەر نیگایەک، بزەیەک، لەسەر ئەوین، دەستییان کراوەیە و دەسەلاتی بۆرژوازی کورد بە هەموو توانایەکییەوە، پشتیوانییان لێدەکا و ڕێزیان لێدەنێت!

من پێم وانییە کە خەبات بۆ کۆمەڵگەی بێ چین و چەوسانەوە، بەدەر بێت لە خەبات بۆئازادی تاک، خۆشگوزانی تاک، یەکسانی تاک! چونکە ئازادی تاک بە هەڵوەشاندنەوەی سەروەری چینایەتییەوە بەندە، خۆشگوزەرانی تاک، بە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتەوە بەستراوە، یەکسانی تاک، بە لابردنی هەلاواردن و بەرتەری چینایەتی و کاریکرێگرتەوە بەستراوە. دواجار تێکشکاندنی سەروەری چینانەتی و خاوەندارێتی تایبەتی و کاری کرێگرتە، بە ئازادی کۆیلانی کۆمەڵگەوە بەستراوە. بەم پێیە بەو سەرەنجامە دەگەین، ئازادی کۆمەڵگە لە گرەوی ئازادی ژنان دایە، کە کۆیلەترین بەشی کۆمەلگە پێکدەهێنن.

بە بڕوای من، ژنان لەبری بەشداری ڕێژەیی لە پارلەمان و دەسەلاتدا، پێویستە بۆ لەناوبردنی دەسەلات –دەوڵەت– لە ڕیزی پیشەوەی خەباتدا بن، دەوڵەت وەک ئامرازی کۆیلەراگرتنی چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگە، لە پێش هەموویانەوە خودی ژنان. هەروەها پێویستە ژنان داینەمۆی ئەو هێزە کۆمەلایەتییە پێک بهێنن، کە لە دەرەوەی کایەکانی هەڵبژاردن و پارلەمان و بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراو لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بۆ چارەسەری پرسە کۆمەلایەتییەکان دەگەڕێت و بە کۆکردنەوەی بەرەی چەوساوان، خەریکی هاوسەنگی هێزە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەی خاڵی لە چەوسانەوەی سبەینێی مرۆڤایەتی. هەر لە ناوجەرگەی ئەم سیستەمەدا خەریکی خستنەرووی شێوازی خۆیەتی بۆ بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە.

خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی، خالی ناوکۆیی خەباتی گشت چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگەیە و ئامادەیی ژنان لە سەراپای مێژوودا، چەخماخەی هەموو راپەڕینە شکۆدارەکان بووە؛ لەوانە کۆمۆنەی پاریس، مانگرتن و خۆپێساندانی حەفتا هەزار ژنە کارگەری ڕوسیە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشی ئەسپانیادا و هیتر.

هەر جیاکارییەک و ڕێکخستنێکی ڕەگەزی ژنان، تەنیا دەتوانێت بەهێزکەری چەوسانەوە و دابڕی ڕیزەکانی ئازادیخوازان بێت. ڕێکخراوەی دابراوی ڕەگەزی ژنان، فرەتر تێڕوانینی ژنانی سەر بە چێنە دارا و چەوسێنەرەکانە، کە ناتوانن بەدەر لە دەرەوەی ژیان و ڕێوشوێنی ئۆرۆستۆکراتیانەی خۆیان، دەرک بە کەتواری نالەباری ژنانی بێبەش و برسی بکەن. ئەوان لە بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکاندا پێگەیان نییە و لەناوەندی ژیانی مشەخۆرانەی خۆیاندا، تەنیا ڕۆڵێک کە بەخشراوە، ئامادەبوونیانە وەک بەشێک لە کەرەستەکانی ڕازاندنەوە و ڕێکلام بۆ خاوەنەکانیان لە بۆنە و مامەڵە ئابورییەکاندا. بۆیە ناتوانن ژن وەک تاکێکی کۆمەلایەتی لەبەرچاو بگرن و بۆ ئازادی و یەکسانبوونیشی لەنێو بزووتنەوە کۆمەلایەییە جەماوەرییەکاندا، سەنگەرەکانی خەباتی بدۆزنەوە. هەر دابراوی خۆیانە، وایان لیدەکات دابڕاوانە بیربکەنەوە و ژنان وەک سەرەکیترین بەشی چەوساوان لە ڕیکخراوی بەناو ژناندا داببڕن.

مەیدانی خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو، ناو هۆڵەکانی پارلەمان و فەرمانگەکانی بەڕیوەبەرایەتی نین، بەڵکو هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەڵگەیە؛ هەر لە پێخەفی هاوسەری و شێوەی رابواردنەوە تا دەگاتە ناوەندی خێزان و فێرگە و کارگە و گەرەک و فەرمانگە و دێری نووسینەکان و نێو وێنای هۆنراوە کان و دەربڕینە کانی ڕۆژانەمان.

خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی، تێکۆشانێکی ڕەگەزی و داخوازییەکی ڕەگەزی نییە بۆ ژنسالاری لە بەرامبەر پیاوسالاریدا، بەڵکو خەباتە بۆ مرۆڤسالاری و تێکشکانی باوکسالاری؛ خەباتە بۆ گێڕانەوەی مرۆڤایەتی بۆ ژن و پیاو. چونکە ئەگەر پیاوسالاری بەواتای پشێلکردنی مرۆڤایەتی ژن بێت، ئەوا هاوکات پیاویش مرۆڤایەتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە بوونەوەرێکی دڕندە و پارێزەری سیستەمی نامرۆڤانەی چینایەتی.

پێویستە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز ڕیزی پارتە ڕامیارییەکان و ڕێکخراوە ڕەگەزییەکان و کۆمەڵ و گروپە خێڵەکی و نەژادی و ئایینی و ناوچەگەرییەکان، بەجێبهێڵن و خۆیان لەنێو ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکانی خۆیاندا ڕێک بخەن و شانبەشانی پیاوانی ئازادیخواز خەبات بۆ ئازادکردنی کۆمەلگە لە دەست سەروەری بۆرژوا باوکسالارەکان و گێرانەوەی مرۆڤایەتی پێشکراوی ژنان و مرۆڤایەتی کەولکراوی پیاوان، بکەن.

## ئەلتەرناتیڤی ئانارکۆفێمینیسم بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان:

وەک پێشتر پەنجەم بۆ راکێشا، ڕێکخراوەکانی بەناو ژنان، بێجگە لە کۆمیتەی پارتە ڕامیارکارەکان و تۆڕێک بۆ گێڕانەوەی ژنانی ئازادیخواز لە خەبات، شتێکی تر نین و ناشتوانن ببن. ئەڵتەرناتیڤی ئانارشیستەکان بۆ ڕێکخراوبوونی ژنان، بەشداری چالاکانەی ژنانە لە ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکاندا و سەپاندنی داخوازییەکانیانە بەسەر پیاواندا– پیاوانێک کە هێشتاکە دەرکیان بە کۆیلەتی خۆیان نەکردووە و ئاگا و نائاگا بڕبڕەی پشتی سەروەری چینایەتی پێکدەهێنن–، ئەمەش بە ناچارکردنی پیاوانە لە چین و توێژە ژێردەستەکانی کۆمەڵدا بۆ هاتنەپای خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو؛ ئەمە بە ئامادەیی لێبڕاوانەی ژنان لە ڕێکراوە جەماوەرییەکاندا و کردنی داخوازی یەکسانی ژن و پیاو بە سەرەکیترین داخوازی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان و سەپاندی بەسەر کۆمەلگەدا مەیسەر دەبێت. ئەم تێڕوانینە پشت بە دوو بنچینە دەبەستێت:

**یەکەم،** سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری سەربەخۆ بەبێ ئامادەیی ژنان و خەباتی بەردەوامی وان بۆ ئازادی و یەکسانی، ئەستەمە.

**دووەم،** ژنان وەک بەشی هەرە چەوساوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەبێ هەڵپێکانی خەباتی ڕۆژانەیان لەگەڵ خەباتی کۆمەلگە وەک گشتێک، ئەستەمە بە دابڕان و گۆشەگیری و خۆشخەیاڵی بە کایەکانی بەشداری دەسەلات و پارلەمان، بتوانن هەنگاوێک بچنە پێشەوە. دەتوانین خەباتی دابراو و گۆشەگیرانەی ژنان بە تەنیا، وەک فرینی باڵدارێک بە یەک باڵ بێنینە بەرچاو. بۆیە پێویستە ژنانی کارگەر، بێکار، خوێندکار، فەرمانبەر، مامۆستا، لاو، ساڵمەند، خانەنشین، کەمئەندام، ...تد، لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ئەو چین و توێژانەدا خۆ ڕێکخەن و داخوازییەکانی پەیوەست بە یەکسانی ژن و پیاو بکەنە بەندی سەرەکی بەرنامە و داخوازینامەی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان. ئەمە بە واتای وەلانانی هەوڵگەلی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کۆمەڵگە نییە، کە بە جۆرێک ئامادەن لە ئاستی شوێنی کار و ژیان و شار و وڵاتدا، پشتیوانی لە خەباتی یەکسانیخوازانەی ژن و پیاو، بە شێوازی تری وەک شانۆ، خۆپێشاندان، مانگرتن لە نانخواردن، ڕێپێوان، کۆبوونەوە و سیمینار و نووسین و بلاوکردنەوە لە شوێنە گشتییەکاندا و بەرپاکردنی ئاهەنگ و میتینگ و شتی تر، بکەن.

## ئەلتەرناتیڤی ئانارکۆفێمینیسم بۆ شێوازی خەباتی یەکسانیخوازانەی ژن و پیاو:

هەر بەوجۆرەی کە ئانارکۆفێمینیسم، پێی وانییە، کە ڕێکخراوە ڕەگەزییەکانی ژنان و ڕێژەیان لە پارلەمان و دەسەلاتدا، بتوانن خەباتی یەکسانیخوازانەی ژن و پیاو بەرنە پێش، هەر ئاواش شێوازی خەباتی لە سەرەوە و لەرێی دەستەبژێر ( نخبە)وەوە، بە ناکارا و بێ سەرەنجام دەزانێت و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بۆ خەبات لە خوارەوەرا بۆ سەرەوە لە ناو ریزە جەماوەرییە سەربەخۆکانی خۆیاندا، بانگەواز دەکات و پێی وایە بەو پێیەی خەباتی جەماوەری چین و توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگە پێشکەوێت و دەستکەوتی هەبێت، خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازیش پێش دەکەێت و دەستکەوتی دەبێت.

پێویستە هەڵسوراوانی خەباتی یەکسانیخوازی، خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو ئامێتەی داخوازییە ئابوری و رامیاری و کۆمەلاتەییە رۆژانەییەکان بکەن؛ هەر لە یەکسانکردنی کرێی ژن و پیاوەوە بگرە تا دەگاتە مافی ئازادی هاوسەریتی و هاوەڵیتی لەگەڵ نێرینە و لەگەڵ خۆیشدا و گەشتکردن و هەڵبژاردنی کار و شوێنی ژیان و پۆشاک و یەکسانی لە بەشداربوون لە کاروباری بەڕیوەبەرایەتی کۆمەڵگە و بریارە رامیارییەکان و دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگە و هەڵی یەکسان بۆ هەمووان.

ئەلتەرناتیڤی ئانارکۆفێمینیسم بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و مسۆگەرکردنی ئازادی و یەکسانی:

بۆ ئەوەی چەوسانەوە بە گشتی و ستەم لە ژنان بە تایبەتی لە کۆمەڵگەدا ڕیشەکێش بکەین، پێویستە بێوچان خەبات بۆ کەمەڵگەیەکی بێ چین و چەوسانەوە بکەین. پێکهێنانی کۆمەڵگەی بێ چین و چەوسانەوە لە گرەوی هەڵوەشاندنەوەی سەروەری چینایەتیدایە کە خۆی لە دەوڵەتانی هاوچەرخدا ڕێکخستووە. کاتێک دەتوانین دەولەت وەک ئامرازی سەرکوت لەنێو بەرین، ئەو هۆکارانەی کە دەوڵەت لە پێناویاندا سەری هەڵداوە، لەنێوبراین. ئەوانەش خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کاری کرێگرتەن. تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەمانەش لەبەر کرۆکی چەوسێنەرانەیانە و بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە لە ستەم ڕزگاری ببێت، پێویستە سیستەمێکی تری ئابوری و سیستەمێکی تری نوێی بەڕێوەبەرایەتی بۆ کۆمەڵگە بخەینە روو. ئەویش سیستەمێکە کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی گشتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کاری هاوبەش پشت ئەستور بە هەرەوەزی گشت توێژەکانی کۆمەڵگە. ئەم ژێرخانە ئابورییە، پێوستی بە سەرخانێکی ئازادە، کە لەسەر شێوازی بڕیاردان و بەڕێوەبردن لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە پێکهاتبێت.

لەم سیستەمەدا کەسانی بڕیاردەر و بەڕێوەبەری سەرو خەڵکیمان نابن. بەڵکو کەسانێک کە لە شوێنی کار و ژیاندا لە ڕێی ئەنجومەنە ئازادەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، جێبەجێکەری بڕیارەکانی جەماوەرن لە خوارەوە بۆ سەرەوە. مانەوەی کەسانی هەلبژێردراو لە فەرمانەکەیاندا، پابەندی گوێرایەڵییانە بۆ داخوازی هەڵبژێرەران. ئەم سیستەمە پێچەوانەی سیستەمی هەرەمی چینایەتی ڕێکخراو لە سەرەوەرا بۆ خوارەوەیە. لەم سیستەمەدا پێناوێک بۆ چەوسانەوە و هەلاواردن نییە و ویستی ئازادانەی مرۆڤەکانە، چارەنووسی کۆمەڵگە دیاری دەکات، نەک سوودپەرەستی و چاوچنۆکی کەمایەتییەکی مشەخۆری ئاژەڵ رەفتار، یا دەسەلاتی چینایەتی شاراوە لە دەسەلاتی خوایەکی ئەفسانەییدا.

بەکورتی لە ڕوانگەی ئانارکۆفێمینیسم دا، شوێنێک بۆ چاوەڕوانی فریاگوزار و دەسەلاتدارانی بەبەزەیی نابێتەوە و مرۆڤەکان لە ڕەوتی خەباتی ڕۆژانەی جەماوەریدا، فێری خۆبڕیاردان و خۆجێبەجێکردن دەبن و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەکۆمەڵ و ئازادانە ڕادێن. لەنێو ڕەوتی خەباتی ڕۆژانەدا توخمەکانی کۆمەلگەی داهاتوو پەروەردە دەبن و بەڕیوەبەرایەتی کۆمەڵگەی داهاتوو، بە خۆ بە رابەرزانان و خۆ بە پێسڕەوزانان ناسپێرن، بەڵکو ئەندامانی فێری ئەوە دەبن، کە پرسە رامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و بەڕیوەبەرایەتی کۆمەڵگە ئەرکی هەمووانە و لەسەر

ڕەزامەندی هەمووانە. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەیتەی کارخانەکان و فەرمانگەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ئەنجومەن و شارەوانییەکان بە بەردی بناخەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەڕیوەبەرایەتی کۆمەڵگە دادەنرێن و یەکگرتنی ئازادانەی ئەم بەشانە لە فیدراسیۆنە سەرتاسەرییەکاندا لەسەر بنەمای فیدرالیزمی ئازادیخوازانە، دابینکەری ئازادی بەشەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگەیە. لەم سیستەمەدا کەس لەبری کەس بڕیار نادات و کەسیش بۆ کەس کارناکات، تاکە ئازادەکان بۆ کۆمەڵگەکەیان کاردەکەن و بەرهەمی کۆمەڵگەش بۆ تاکە ئازادەکان دەبێت؛ مەبەست لە تاکی ئازاد، ئەوەیە کە کەس سەروەری کەس نییە و ئازادی تاک پێوەری ئازادی کۆمەڵگەیە.

* هەوڵ دەدەم لە هەلێکدا نووسین و دیمانەی هەندێک لەو ژنانە کە خۆیان بە فێمینیست دەزانن، بۆ باشتر ئاشنابوون بەو ئاراستە فێمینیستیانەی کە بانگوازی بۆ دەکەن، بدەمە بەر باس.

** ڕێبەندانی سالی 1992 بە کارێکی ڕێکخراوەیی بۆ ئێران دەچووم، شەو ڕێم کەوتە بنکەی پ.م.ەکانی حزبی سۆشیالیستی کوردستان (حسک) لە شارۆچکەی پێنجوێن، کە هاوکات بنکەی (قەرارگای ڕەمەزان)یش بوو. لە کاتێکدا کە من ڕاکشابووم و خەریک بوو، خەوم لێ دەکەوت، پێشمەرگەکان لە چوارلای زۆپا کە دانیشتبوون. خەریکی گێرانەوەی داستانەکانیان بوون. ناوی دوانیانم باش لە بیرە ، کە بە قسەی خۆیان تیرۆری ژنانیان کردووە (بەختیار کە خەلکی چوارباخی سلێمانی بوو)، ( جەلال کە خەڵکی ئوردوگای باریکەی نزیک زەراین بوو). باسی خۆیان دەکرد، کە چۆن لە دوای ڕاپەڕین یەکەمین ئەرکێک کە پێیان سێردراوە، ڕەشەکوژی ژنان بووە بە پێی لیستێک کە بۆیان دیاریکراوە . دەیان گێڕایەوە، کە چۆن ژنانیان لە شیرین خەودا، لە ناو منداڵەکانیاندا، کوشتووە. پاشان چوونە سەر گێڕانەوەی ڕەفتار و کرداریان بەرامبەر ژنە کۆڵبەرەکانی سەر سنووری باشماخ، کە هێلکە و شمەکیان لەو دیوەوە هێناوە و ئەمان چۆن ئەتکیان کردوون. ئەمانە و چەندین شتی تر. هەروەها لە هەمان گەشتمدا بۆ ئێران، لە یەکێک لە ئوردوگاکانی پەنابەرە کوردەکان لە ئێران کەسێکم ناسی، کە ناوی ( ب. ع.) –لەبەر ئەوەی ڕەزامەندی خۆییم پێ نییە، ناتوانم ناوی بهێنم– و پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینک)بووە، پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین؛ وی بۆی گێڕامەوە، کە چۆن بەپێی فەرمانی کەسێک لە بەرپرسەکانیان لە هەولێرەوە، پێیان ڕاسپێردراوە، بە گرووپی بچووک و نهێنی لەناو ترۆمبێلدا تەقە لە خەڵک بکەن و بچنە سەر ئەو ژنانەی کە بۆیان دەستنیشان کراون و بیانکوژن، تەقەیان لێ بکەن یا نارنجۆکیان بۆ هەڵدەن. ئەم لاوە زۆر پەشیمان بوو، تووشی بارێکی دەروونی خراپ بووبوو و تەنانەت دانیشتوانی ئوردوگاکە و ئەندامانی پارتەکەی خۆی بە شێت و وێتیان ناو دەبرد.